# شەوی پیرۆزی قەدر

[ بە کوردی ]

# ليلة القدر

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : دکتۆر بەشیر خەلیل

المؤلف : بشير خليل

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

2008 -1429

islamhouse.com

# شـەوی پیرۆزی قەدر

دکتۆر بەشیر خەلیل - وتاربێژو پێشنوێژی مزگەوتی حاجی جەلالی خەیات /هەولێر .

شـەوی قەدر ئەو شـەوەپر فەڕو پیرۆزیەیەکەخوای گەورەقورئانی پیرۆزی تیادا لە(لوح المحفوظ)ەوەناردەخوارەوەبۆ ئاسـمانی دونیا وەك دەفەرموێت : ( انا أنزاناەفی لیلەالقدر ....) سـورەالقدر .

فەزڵی ئەم شـەوەلەلای خوای پەروەردگار لەهەزار مانگ زیاترەهەرکەس خوای گەورەبۆی رێك بخات و لەو شـەوەدا بمێنێتەوەو خەریکی خواپەرسـتی و نوێژ و پارانەوەو قورئان خوێندن بێت خوای گەورەلەگوناهەکانی پێشـووی خۆش دەبێت چونکە پێغەمبەری خوا (صلی اللهعلیەوسـلم) دەفەرموێت : ( من قام لیلەالقدر (ثم وقفت لة ) ایمانا واحتسـاباً غفر لة ماتقدم من ذنبة) . أخرجة الشـیخان و أحمد 318/5 والزیادة لة .

ئەم شـەوەلەمانگی ڕەمەزان و لە (10) شـەوی کۆتایی دایە. بەڵام بەتەحدید دیاری نەکراوەچ شـەویکەو زانایانیش لەم بارەیەوەڕایان جیایە کەئاخۆ شـەوی چەندەمی ڕەمەزانە. لەبەر ئەوەپێویسـتەموسـڵمانان بە گورج و گۆڵی و ڕۆح سـوکی یەوەهەوڵبدەن ئەم هەلەزێرین و فورسـەتە گەورەیەلەدەسـت خۆنەدەن وئەو (10) شـەوەی کۆتایی زیندووبکەنەوەچونکە پێغەمبەری خوا (صلی اللهعلیەوسـلم ) لەو دەشـەوەدا لەمزگەوتدا دەمایەوە .

ئەگەرنا لانی کەم شـەوەتاکەکان لەدەسـت خۆ نەدەن چونکە پێغەمبەری خوا ( صلی اللهعلیەوسـلم ) دەفەرموێت : ( تحروا لیلة القدر فی الوتر من العشر الآواخر من رمضان ) البخاری 4 / 225 ، واتە: بەدوای شـەوی قەدردا بگەڕێن لەشـەوەتاکەکانی دەشـەوی کۆتایی ڕەمەزان .

بەڵام بە تایبەتی تر شـەوانی (27) ی هەموو ڕەمەزانێك موسـلمانێکی زۆر بەگەرم و گوریەکی زۆرەوەلەمزگەوتەکاندا کۆدەبنەوەو تا نزیك بانگی بەیانی دادەنیشـن و خۆ خەریك دەکەن بەنوێژ و قورئان خوێندن و گوێ گرتن لەئامۆژگاری خێر و چاکە . کەزۆریان لەو موسـڵمانانەن کەتازەبڕیاری پابەندبوونیان داوەبە ئیسـلامەوە .

ئومێد دەکرێت کەئەمانەبەر ئەو خێرەگەورەیەبکەون چونکەزۆرێك لەزانایان پێیان وایەشـەوی (27) ی ڕەمەزان نزیکترین شـەوەکە شـەوی قەدر بێت ئەویش لەبەر چەند فەرمودەیەك لەوانە: (زری کوری حوبەیش دەفەرموێت : لەئوبەی کوری کەعبم بیسـتووەکاتێ پێیان ووت : عبدواللهی کوری مەسـعود فەرمویەتی : هەرکەسێك هەموو

ساڵەکەهەستێت ئەوەبەر شەوی قەدر دەکەوێت ! جا ئوبەی فەرموی :( رحمةاللة ، اراد أن لايتكل الناس ، والذی لاالة الاهو انها فی رمضان - يحلف مايستثنی - و واللة انی لآعلم ای ليلة هی ؟ هی ليلة التی امرنا رسول الله(صلی اللهعليهوسلم ) بقيامها ، هی ليلة صبيحة سبع وعشرين ، وأمارتها أن تطلع الشمس فی صبيحة يومها بيضاء لاشعاع لها ) ورفع ذلك فی رواية الی النبی (صلی اللهعليهوسلم) ) . أخرجة مسلم وغيرة وهو مخرج فی صحيح أبی داود (١٢٤٧).

واتە: ڕەحمەتی خوا لەعەبدوڵڵا بێت ئەو مەبەستی ئەوەبووە کەخەڵکی تەمبەڵی نەکەن ، سوێند بەو خوایەی کەهیچ پەرستراوێك نییەبە هەق جگەلەو شەوی قەدر لەمانگی ڕەمەزاندایە، وەسوێند بەخوا من دەزانم لەچ شەوێکی دایە؟ لەو شەوەدایەکەپیغەمبەری خوا (صلی الله علیەوسلم ) فەرمانی پێ کردووین کەتیایدا هەستین و شەونوێژ بکەین کەئەو شەوەیەبۆ بەیانییەکەی (27) ی ڕەمەزانە. وەنیشانەکەشی ئەوەیەکە بۆ بەیانی یەکەی کاتێ خۆر هەڵدێت ڕەنگی سپی یەو تیشکی نی یە .

چەند ڕێنمایی یەك:

١- خوشك وبرای بەڕێز ئەگەر ئەو شەوانەمایتەوەلە مزگەوتدا نیەتی ئیعتیکاف بهێنەو مەبەستت پاك بکەرەوەکەتەنها بۆ خوای گەورەتۆ ئەمشەو خەو لەچاوەکانت دەتۆرێنێت .

٢- پێویستەلە مزگەوتدا بمێنیتەوەو تا ئەتوانی لەو مزگەوتانەدا بمێنێتەوەکەجومعەی تێدا دەکرێت .

٣- دوور بکەوەرەوەلەقسەی دونیایی و یاری وگاڵتەو گەپ وگۆرانی ووت ن و شتی بێ سوود ، بەڵکو زیاتر خۆخەریك بکەبەنوێژ و پاڕانەوەو قورئان خوێندن و ئیستیغفار .

٤- تا دەتوانیت زۆر بپاڕێرەوەبەتایبەتی بەم دوعایە( أللهم انك عفو (كريم) تحب العفو فاعف عنی) .

٥- بیرت نەچێت مانەوە بۆ شەوی قەدر سونئەتەنەکەی لەبیر بەجێ هێنانی سوننەتێك خۆت گوناهبار بکەیت و نوێژی بەیانی بفەوتێنیت و بخەویتەوە. خۆ ئەگەر لەو شەوەدا نەتوانی هەمووی بەخەبەر بیت و هەندێك خەوتی بۆ ئەوەی بۆ نوێژی بەیانی خەوت پیانەکەوێتەوەئاسایی یە، چونکەخوای گەورەزیاد لەتوانا داوات لێ ناکات . واللهأعلم